ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
6-5-2007 15:22 بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

# نە هەموو ئیسلامییەک توندڕۆ و نە هەموو عەلمانییەکیش دیموکراسییە ... مەلا جەعفەر گوانی

ڕۆشنبیرانی عەلمانی هەمیشە کاتێك قسە لەسەر دیموکراسیبوونی وڵاتێك و سیستەمێك دەکەن، پێیان وایە مەرجی یەکەمی دیموکراسیبوون عەلمانیبوونە، بەو مانایەی ناکرێت لە هیچ شوێن و وڵاتێك سیستەمێك هەبێت، دیموکراسی بێت، بەڵام عەلمانی نەبێت، چونکە عەلمانیبوون بەلای ئەوانەوە مەرجی سەرەکی و، خاڵی یەکەمی هەنگاونانە بەرەو دیموکراسیبوون، لەلایەکی دیکەوە ئەوان پێیان وایە، هەموو سیستەمە ئیسلامییەکان و، هەموو گروە و پارتە ئیسلامیەکان، لە جەوهەردا پارتی و گروپی توندڕۆنە، وەلی هەریەکە و جۆرە شێواز و قۆناغێکی گرتۆتەبەر، وەك ئەوەی هەندێکیان هەر لە سەرەتاوە توندڕۆنە، دەکرێ لەوەدا نموونە بە ڕێکخراوی قاعیدە بهێندرێتەوە، لەبەرامبەر ئەوانەدا ڕێکخراوی دیکە هەن، هیچ سیمایەکی توندڕۆییان پێیەوە نییە، بەڵام ئەو نەرمڕۆییەی ئەوان کاتییە و، بۆ قۆناغێکە، وەك ڕێکخراوی ئیخوان موسلیمین، ئەو ڕێکخراوە، ئەگەرچی دەیان



ساڵە خەبات دەکات و، توانیەتی جەماوەرێکی زۆر لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە و، بۆشی دەلوێت هەرکارێکی توند و تیژی ئەنجام بدات، بەڵام بە درێژایی ئەو هەموو ساڵە، لەبەرامبەر ئەو هەموو گرت و بڕ و ماڵ بلۆك کردن و، بگرە کوشتن و هەموو جۆرە ئەشکەنجەدانێکیان لە لایەن دەسەڵاتداریتی عەلمانییەتی میسرییەوە، کەچی ئەوان ئامادەنەبوونە، لە گوڵ گرانتر بەرامبەر جەماوەری وڵاتەکەیان بکەن، ئەو قسەیەشم دیفاعکردن نییە، بەڵام بەیانی واقیعی حاڵە.

ئەوەی لەو نووسینەدا زیاتر مەبەستی منە، کێشمەکێش و ململانێی نێوان عەلمانیەت و، ئیسلامییەکانە لە تورکیا، لەوەشدا هیچ بەلای ئەوەوە ناچم، کە ئیسلامییەکانی ئەو وڵاتە چەند نەژادپەرستن و، یان عەلمانییەکان چەندە دڵڕەش و داخ لە دڵن، یان هەردووکیان بۆ باری ئێمەی کوردستان یەك بۆچوونن، لەوە نادوێم.

دێم قسە لەسەر قسەکانی ئەحمەد سەزەری سەرۆك کۆماری ئەو وڵاتە دەکەم، کە ئێمە هەموومان دەزانین، هاووڵاتیانی تورکیا دوای هەشتا ساڵ تاقیکردنەوەی عەلمانیەت و، تێکەڵبوونیان لەگەڵ ورد و درشتی عەلمانیەت، کە بە شاهیدی هەمووان تورکیا عەلمانییە، دوای ئەو هەموو ساڵ و ئەزموونە، بە هێزی سندووقەکانی دەنگدان، ئیسلامیەکانیان هێنایە سەر دەسەڵات، لەوەشدا توانیان ئەو بۆچوونەی عەفیف ئەخزەر هەڵوەشێننەوە، کە پێی وایە پێویستە لە هەموو وڵاتێك ڕێ بە حزبە ئیسلامییەکان بدرێت، بێنە سەر دەسەڵات، چونکە دوای تەنها چەند مانگێك خەڵك لێیان پاشگەز دەبیتەوە، کەچی ئەوان هاتنە سەر دەسەڵات و، دەسەڵاتی ئەو وڵاتە بە یاسا یاساغی کردنەوە، کەچی خەڵکەکە، هەر هەڵیبژاردنەوە.

ئێستا دوای ئەوەی پارتی دادوەری و گەشەپێدان لە ئەزموونی خۆناساندن دەرچوون، بەتایبەتی دوای ئەوەی ڕێی بە زمان و نووسین و تەلەفزیۆن و ... کوردی دا، کە عەلمانیەکان تا هاتنی ئەوان ڕێیان نەدەدا قسەشیان لەسەرەوە بکرێت، ئێستا دەیانەوێت خۆیان بۆ سەرۆکایەتی ئەو وڵاتەش کاندید بکەن، لەلایەکی دیکەوەش حزبە عەلمانییەکان دڵنیان لە دۆڕانی خۆیان و بردنەوەی ئەوانەوە، وەك

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
6-5-2007 15:22 بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

پەیامنێری کەناڵی ئەلجەزیرە دەیگووت: ئەردۆگان و خێزانە موحەجەبەکەی، تەنها یەك پایەیان ماوە بێنە سەر کورسی سەرۆك کۆماری تورکیا.

جا ئەو قسەیە چەند راستە یان نا؟ ئەوە دوایی ئەنجامەکانی سندووقەکانی دەنگدان دەریدەخات، کە دەشێ واش نەبێت، وەلی ئەوەی زۆر جێگای سەیری بوو، قسەکانی ئەحمەد سەزەر بوو، کە وەك کەناڵی ئاسمانی زاگرۆس لە شەوی 14-2007/4/15 لە راپۆرتێکدا بلاوی کردەوە، داوای لە سوپای تورکیا کردووە، بۆ پاراستنی عەلمانیەتی توورکیا پێویستە لەشکر تەدەخول بکات، هەروەها گووتیشی: کە خەریکە ئیسلامییەکان لە رۆڵی سوپا کەم دەکەنەوە لە بڕیاری سیاسیدا.

ئەو قسەیەی ئەحمەد سەزەری رێبەری ئێستای عەلمانیەت، لە دوو سەرەوە پێچەوانەی بنەماکانی دیموکراسییەتە، لەلایێکەوە داواکردنی ئەو بۆ تەدەخولی سەربازی پێچەوانەی هەموو پرەنسیپەکانی دیموکراسییەتە، چونکە ئەو گەرەکیە بە گولە و تفەنگ و بارووتی لەشکرەوە، رێ لە رای جەماوەر و دەنگی سندووقەکانی هەڵبژاردن بگرێت، کەواتە باشترین رێگا بۆ بە عەلمانی هێشتنەوەی تورکیا تەدەخولی سەربازییە.

لەلایەکی دیکەوە هێنانی سەرباز بۆ نێو کاری دەوڵەت و مەدەنی، بە هەمان شێوە لە سیستەمی دیموکراسیدا نییە، ئەوە هەمان ئەو رەخنەی عەلمانییەکانە، کە وا تێدەگەن، ئیسلام بەهێز پارێزگاری لە بوونی خۆی دەکات، نەك بە دیموکراسیەت و بە قوەتی دەنگی جەماوەر، ئەو قسەیە هەرچەندە راستیش نییە، بەڵام رەخنەکە هەر لە ملی خۆیانەوەیە.

لە ئەنجامی ئەو کێشمەکێشە دەتوانین ئەو دەرەنجامانە وەدەست بهێنین، یەکەم: سیستەمی دیموکراسی هیچ کاتێك پەیوەست نییە بە عەلمانییەتەوە، بەتایبەتی لە جیهانی ئیسلامیدا، کە هەمیشە عەلمانیەکان لە رێگای ئینقیلابات و، هەڵبژاردنی ساختە و، فرت و فێڵەوە دەسەڵاتیان گرتۆتە دەست و، دواییش بە میرات بۆیان ماوەتەوە.

دووەم سیستەمی دیموکراسی لە بارترین سیستەمە بۆ پارت و رێکخراوە ئیسلامییەکان، چونکە تەنها لە رێگای هەڵبژاردنەوە دەتوانن بێنە سەر دەسەڵات، لەوەشدا بۆ ئەوان خاڵێك زۆر گرنگە، ئەویش پێویستە ئیسلامییەکان تەنها لەو کاتانە تاك لایەنە بێنە سەر دەسەڵات، کە وڵاتەکەیان تەواوی سەروەری خۆی وەرگرتبێت، وەکو تورکیا، کە دوای ئەوەی لە روی سنوور و سەربازی و ئابوورییەوە تەواو بوو، ئینجا هاتنە سەر دەسەڵات. ئەگینا بە هیچ جۆرێك رێگەیان پێنادرێت و جۆرەها زەربەیان لێ دەدەن، بۆ وان وا باشترە بەتایبەتی لە شوێنێکی وەك کوردستان، خۆیان لەگەڵ دیموکراسیەت رابهێنن و، پارێزگاری لە داب و نەریت و کلتووری رەسەنی کوردی بکەن و، خۆیان لەگەڵ پارتەکانی ئەو وڵاتە بگوونجێنن، کاتێکیش باری کوردستان سەقامگیر بوو دەتوانن هەر شتێك بکەن و، لە چوارچێوەی سندووقەکانی دەنگدانەوە.

Gwani80@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.